MINISTRY OF NATURAL RESOURCES | KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بەیاننامەی ئەرکەکان

# پرەنسیپەکان و سیاسەتەکان

## بەشی تەندروستی، سەلامەتی و ژینگە

## وەزارەتی سامانەسروشتیەکان

**ئامادەکردنی: د. هەڵۆ عەسکەری، راوێژکاری تەندروستی، سەلامەتی و ژینگە**

**ئایاری 2013**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بەخشراوە بەوەزارەتی سامانەسروشتیەکان و بەپێی بەندەکانی ماددەی 53ی یاسای ژمارەی (22)ی ساڵی 2007، بەشی تەندروستی، سەلامەتی و ژینگە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دامەزراوە.

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، لایەنی سەرەکی بەرپرسیارە لە دەرکردنی ڕێنماییەکان بۆ پیشەسازی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان. بەپێی یاسای نەوت و غازی کوردستان، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕێنماییەکان بۆ بنیاتنان، کارکردن، ڕاپۆرتکردن و پێداویستیەکانی چۆڵکردن بۆ کاری نێو کێڵگەنەوتییەکان و سەرپەرشتیکردنی نەوتی خاو پێش گەیشتنەپاڵاوگە، دیاریی دەکات. هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەرپرسیارە لە پیشەسازی نەوت و غازی هەرێم لەوانەش هاندانی وەبەرهێنان، کارکردن لەژێرخانی ئەو کەرتەدا، پلاندانان، پێشنیازکردن و داڕشتنی سیاستەکان.

**بەیاننامەی ئەرکەکان:**

بەشی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە لەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەهەوڵی پەرەپێدانی سەرچاوە هێدرۆکاربۆناتەکانی کوردستاندایە بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە بەمەبەستی بەتەنگەوە چوونی داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکان.

**پرەنسیپەکان:**

بەمەبەستی بەدیهێنانی بەیاننامەی ئەرکەکانی، چالاکیەکانی بەشی تەندروستی، سەلامەتی و ژینگە، بەپێی ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە ئەنجامدەدرێن:

- <u>پەرەپێدانی بەرپرسیارانەی ئابووری و بەڕێوەبردنی ژینگە</u>: پاراستنی فرەچەشنی بایەلۆژی هەرێم و نشینگەی کێوی و سەرچاوەکانی ئاو و

برەودان بە چالاکیانەی کە لە رووی ژینگەییەوە سەلامەتن، لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ قۆستنەوەی سەرچاوە سروشتیەکانی هەرێم لە ئاستێکی بەرزدا .

- بەرپرسیارێتی و شەفافیەت: پابەندبوون بەستاندەرد و مەرجەکانی دەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازیەکانی دەرهاتوو (EITI) و پەیڕەویکردنی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی لە هەموو مامەڵە و چالاکیەکدا.
- دەستپاکی و ئاکار: برەودان بە مامەڵەکردنێک کە کەرامەتی کارمەندانی حکومی و پیشەسازی لەبەرچاودەگرێت و پابەندبوون بە ١٠ پرەنسیپەکەی پەیماننامەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرجەم چالاکی و مامەڵە کاندا.
- هاوکاریکردن و گەیاندن: هاندانی گەیاندن و هاوکاریکردنی زیندوو لەنێوان کەرتی پیشەسازی و حکومەت و خەڵکدا.

## سیاسەتەکان

سیاسەتە ژینگەییەکانی بەشی تەندروستی، سەلامەتی و ژینگە بریتین لە:

- بەڕێوەبردن و رێکخستنی چالاکییەکانی نەوت و غاز بۆ دڵنیاییکردن لە پابەندبوون بە ئەحکامەکانی یاسا کارپێکراوەکان و رێنماییەکان و ستاندارد و رێبەرە قبوڵکراوەکانی کارکردن بۆ تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگە.
- پەرەپێدانی سیستەمێکی کاریگەری چاودێریکردن و پشکنین و بەڕێوەبردن، بەمەبەستی دەستنیشانکردن و کەمکردنەوەی هەڵسوکەتی زیانبەخش بە ژینگە لە هەموو قۆناغەکانی بەدواداگەڕان و پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و بووژاندنەوە.
- کارکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ بەش و دەزگای حکومیە گونجاوەکاندا بۆ پەرەپێدانی یاسا و رێنمایی و سیاسەت و رێوشوێنەکان لەپێناو پاراستنی ژینگە و چالاکیە درێژخایەنەکانی دەرهێنان.

- چاودێریکردن و پشکنین و یاریدەدان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەو بەشانەی پەیوەستن بە ژینگەوە لە گرێبەستەکانی پێترۆڵدا، و هەڵسەنگاندنەکانی کاریگەری ژینگە و رێککەوتنەکانی تر.
- پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی مەترسی سەبارەت بە تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە و کۆمەڵگە، ئەمەش لەسەر بنەمای پرۆسەیەکی سەلامەتیی زانستیی و گەیاندنی کاریگەر.
- بەردەوام پەرەپێدانی کارایی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگەیی لە چارەسەرکردنی ئەو مەترسیانەی کە چالاکیەکانی نەوت و غاز دروستی دەکەن لەسەر  کارمەندان و حکومەت و خەڵک.
- کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی کارکردن لەسەر ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی گشتی و بۆ ئاستێکی ئەوەندە نزم کە پەیڕەویکردنی گونجاو بێت لەپێناو بەرگرتن لە پیسبوونی ژینگە و بۆ پاراستنی سەرچاوەکان و تا ئاستێکی شیاو لە رێگەی بەکارهێنانی باشترین تەکنەلۆژیا و پەیڕەوەکانی بەڕێوەبردن.
- دامەزراندن و جێبەجێکردنی پلان و رێوشوێنەکانی فریاکەوتنی خێرا بۆ کارەساتەکانی پەیوەندیدار بەنەوتەوە کە دەشێت لە کاتی خۆیاندا و بە شێوازێکی کاریگەر وەڵامیان بدرێتەوە، و هەروەها چاودێریکردنی هەوڵ و پلانەکانی وەڵامدانەوەی  کۆمپانیاکانی نەوت لەکاتی حاڵەتی لەناکاودا و دڵنایی کردن لە پابەندبوون بە ستانداردەکان و رێنماییەکانەوە.
- دڵنیابوون لە دانانی سیستەمی گونجاوی فڕێدان و کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک لەسەر بنەمای خۆپاراستن و کەمکردنەوەی بڕ و دووبارە وەگەڕخستنەوە و چارەسەرکردن و نەهێشتنی زبڵ.
- پێدانی راهێنانی گونجا و تاوەکو کارمەندان و بەڵێندەران کارکردنیان بەرپرسیارانە بێت بەرامبەر ژینگە و هۆشیار بن بەرامبەر بەرپرسیارێتیەکانیان بۆ سەرپەرشتیکردن.
- پشتگیریکردن لە بەرەوپێشبردنی مەعریفەی زانستی سەبارەت بە پاراستن و ئیدامەپێدانی سەرچاوەکان و دەربارەی کەمکردنەوەی خاشاک و بەرەوپێشبردنی تێگەیشتن لە مەترسییەکان و کاریگەرییەکان، و

کەمکردنەوەی ئەمانە بەشێوازێکی ئابووریانە لە پێناو بەرەوپێشبردنی پاراستنی ژینگەیی.

- پێشنیازکردنی دانانی بەرنامەی تواناسازی لەهەموو دامودەزگایەکی پەیوەندیداری کەرتی ژینگەدا، بەتایبەتی بۆ ئەو بوارانەی کە پەیوەندیدارن و گرنگن بۆ کەرتی نەوت و غاز لەگەڵ جەختکردن لە شارەزاییەکانی بەڕێوەبردن.
- هاندانی هۆشیاریی گشتی لەپێناو بەرەوپێشبردنی تێگەیشتن لە کاریگەریی چالاکیەکانی نەوت و غاز لەسەر ژینگەو و هاندانی ئەوەی کە پاراستنی ژینگە ئەرکی هەمووانە.
- بە بەردەوامی نوێکردنەوەی ستاندارەکانی هەرێم لەسەر بنەمای باشترین پێوەرە کارپێکراوە نێودەوڵەتیەکان.

لە ڕێگای ئەم چالاکیانەوە، بەشی تەندروستی، سەلامەتی و ژینگە دەتوانێ ئەم کارانەی خوارەوە بکات:

- یارمەتیدان بۆ دڵنیابوون لە پەرەپێدانی بەرپرسیارانەی سەرچاوە هیدرۆکاربۆنیەکانی هەرێم لەپێناو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی درێژخایەندا.
- دەستنیشانکردن و هاندان و پاداشتکردنی هەڵسوکوتی بەسوود بۆ ژینگە لە ئێستا وداهاتووشدا.
- پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی کارمەندان وخەڵک.
- گەیاندنی ئامۆژگاری گونجاو بە پیشەسازیەکە و حکومەت لەسەر بنەمای باشترین پێوەرە کارپێکراوە نێودەوڵەتیەکان.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی ئێستا و کارکردن بەرەو گەشەپێدانی یاسا و ڕێنماییەکان کە دەبنە مایەی پاراستنی ژینگە لە داهاتوودا.
- ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕێبەریکردنی گفتوگۆی کراوە لە سەکۆ جیاجیاکاندا.